نێچیرڤان بارزانی: پێویستە حکومەتی عێراق بەیاری بە جینۆساید ناساندنی ئینفال جێبەجێ بکات



نێچیرڤان بارزانی بەبۆنەی ساڵڕۆژی ئینفال پەیامێکی بڵاوکردەوە و دەتەپێویستە حکومەتی عێراق بەیاری بە جینۆساید ناساندنی ئینفال جێبەجێ بکات.

ئەم دووشەممە ١٤ـی نیسانی ٢٠٢٥، نێچیرڤان بارزانی بڵاویکردەوە، لەم یادەدا بە ڕێز و شکۆداریيەوە شەهیدانی ئینفالکراو بەبیر دەهێنێنەوە و سڵاو لە بنەماڵە و کەسوکاری خەباگریان دەکەن و دووپاتی دەکەنەوە کە حکومەتی فیدراڵیی عێراق، بەرپرسیارێتیی یاسایی و ئەخلاقیی هەیە لە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئینفالکراوان لەو هەموو ڕوویەکەوە.

هاوکات بە پێویستیشی دەزانێت کە حکومەتی عێراق، "بەیاری دادگای باڵای تاوانکاری عێراق جێبەجێ بکات، کە ئینفالی وەکو جینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی ناساندووە.

لە بەشکی پەیامەکەیدا نێچیرڤان بارزانی جەختی لەوە کردووەتەوە، هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن بۆ پشکشکردنی پشتگیری و چاودێری بۆ بنەماڵەی شەهیدان، ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئینفالکراوەکان، دەزینەوە و گۆڕانەوەی ڕووفاتەکانیان بۆ نیشتمان، هەروەها بەردەوام دەبن لە هەوڵکانیان بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتیی تەواو

بۆ تاوانی ئەنفالدا وەکو جینۆسایدی.